وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان رێژی جێژنی ڕەمەزان دیاری دەکات

ئەوارەی ئەڤە دووشەمە، پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێم لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، بە پشت بەستن بە بەڵگە شەرعییەکانی بینینی مانگ و هەماهەنگیمان لەگەڵ لیژنە لاوەکییەکان بۆ چاودێریکردنی بینینی مانگ لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بە پشت بەستن بە بەڵگەکانی فەلەکناسی لە هەرێمی کوردستان و لەبەر نەبونی بەڵگەی شەرعی پێویست، لیژنەی بانای بینینی مانگ رایدەگەیەنێت، سبەی سێشەممە (9ـی نیسانی 2024) تەواوکاری مانگی ڕەمەزان، دووسبەی چوارشەممە (10ـی نیسانی 2024) یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان.

هەر ئەوارەی ئەڤە دادگای بانای سعودیە رایگەیاند، سبەی سێشەممە (9ـی نیسانی 2024) تەواوکەری مانگی ڕەمەزانەو ڕۆژی چوارشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە.